## ناوی شار و گوندەکانی ئێران

لە ژمارەی پێشووی ئەم زنجیرە وتارە و هەروەها لە ژمارە ١٠١ (راولینسن) دا باسی دوو سەرچاوەم کرد کە سەبارەت بە رابردووی کۆنی بۆکان و ناوی گوند و چیا و رووباری ناوچەکە دەتوانرێت کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

هەر لەو پەیوەندییە دا دەمەوێت باسی کتێبێکی ئەحمەد کەسرەوی بکەم. کەسرەوی ئەگەر تاقە کەس نەبێت، یەک لەو کەسانە بووە کە لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی زانستیانە لە بنەمای ناوی شار و گوند و ناوچەکانی ئێرانی کۆڵیوەتەوە و بۆ نموونە، گوتوویەتی هەموو ئەو ناوانەی وا پێشگر یا پاشگری "بەک و باک و بەق" یان لە گەڵە، پەیوەندیان بە ئاورگەی پەرستنی "بەغ" – خودای ئارياييەکان پێش زەردەشتەوە هەبوە. گەرچی کەسرەوی ئەم باسەی لە پەیوەندی شاری "باکۆ"دا کردوە و ناوێکی لە "بۆکان" نەبردوە، بەڵام بۆچوونە گشتییەکەی ئەو بوو بە بنەمای وتارێکی من لەسەر ناوی بۆکان کە کاتی خۆی لە گۆڤاری مامۆستای کورد دا بڵاو بوەوە و ئێستاش لەسەر ئەم ماڵپەرە (بۆکان – رۆژهەڵات) دەبینرێت [چەند تێبینیەک لەسەر ناوی بۆکان].

بەداخەوە من نوسخەی ئەم کتێبەی کەسرەویم لە لەندەن دەست نەکەوت، بەڵام لە سەرچاوەی دیکەدا تایبەتمەندییەکانیم هەڵگرتووە و لێرەدا رایدەگەیێنم . بۆچوونەکانی کەسرەوی لەمەر ناوی کۆنی ناوچەکانی ئێران دەبێ بە هەند وەربگیرێن، بەڵام نابێ بکرێن بە دۆگم و جەزم!

احمد کسروی، "نامهای شهرها و دههای ایران"، جلد اول ١٩٢٩، جلد دوم ١٩٣١، (من ئاگاداری بەرگەکانی دیکەی نیم بەڵام بۆی هەیە بەرگی دیکەشی هەبن)؛ ناشر ؟